# هە ڵم



کەژاڵ عەلی

ئەوەی بە گوڵی جەستەمەوە
لق و پۆی کردوە ،
تەتووی جەسارەتە
.. نەک شریخەی قامچی
ئەوەی بە چڵی ئولفەتمەوە رادەژێ
سروودی نەمري يە
.. نەک سەرکەوتنی تۆ

* * *

بەر لەوەی نووکی رق
لە کرتاندنی گەردنی گوڵ گیر کەی
ئەو چاوی تۆی پر کرد
.. لە دڕکەزی ڕەفز
پێیەکانت بە تەل دڕووی
.. راوەدوونان هە لا هە لا
بەر لەوەی داوای پەنابەری
.. لە ئەستێرە بکەی
ئەو دەیان پوولی نا بە کێسە
.. هە لبەستراوەکانی دوو ڕوویت
سنوورداشی سنوورەکانی
.. ترسنۆکی کردیتەوە
شێری شکۆداریت
بۆ بێشەی بەدفەری و
پلینگی پیاوەتیت
.. بۆ قاوغی بەرتەسکی قەلەندەری
جوامێریت دە پەنجەی لەرزۆکە
قایشی پیاوەتی
.. پێ لە مومارەسەی وەحشیەت ناکرێتەوە
هە رەشەت دوو ناو لەپی زبرە

میلی کلاشینکۆفێکی

.. بۆ ناخریته بەر کەلکەلەی شەهید بوون
فریای شپرزەییت کەوه
با سێرەت لە ئاوێنەی خیانەتدا
.. نەبێ بە هە ڵم
جەنگەکانت کلۆم دە
دارشەقەکان لەبەر
.. کەمئەندامەکان دەبرێن
تیکەکانی بەزەیی
.. لەبەر کەلاوە هە تیوەکان
.. تۆ لەبەر خۆت
دیقەتی خۆت بدە
هە ترەشت بە کەناری بێئۆقرەییەوە
.. زەرد هە لگەرا
.. ئابرووت وەک بەختم رەش
.. خوێنم لە چاوتا سوور سوور
نەبەردیت هە لپەسێرە
جورئەتت بە فریای دەربازی
.. برینداره‌کانی غیرەت ناکەوێ
تانووتەکانت قووت دە
زمانی سەروەریت
لەبەر ددانی شکستي
.. خەریکە دەقرتێ
تاو دە نابووتیت
عەرشی دەسەلاتت
.. هە تا دێ دەلەرزێ
قارەمانێتیت قفل دە
مێژووت قەترە قەترە
.. شەرمی لەبەر دەروا
نەعرەتەت لە کەللەی سەرمدا
!!!! زرڕەی دێ

**پێشکەشە بە گەزالە و هە موو قوربانیانی رێگای ئازادی**